# راپەڕینی کوردستان ماناو مەغزای جیاوازی هەیە

جەمال پیرە

خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی هەر شۆڕشو راپەڕینێك بەتەنها لە دیدگایەکدا خۆی لە خۆیدا بەرجەستەکردنی واتایەکی ناتەواوە بۆ خودی شۆڕش یاخود راپەڕینەکە بەهەمان شێوە جێهێشتنی کۆمەڵێك واتای ترە کە دەکرێ لێیەوە روونتر ئاسۆکانی ئایندەی پێ بخوێنرێتەوە، ئەوەی کە بەدوای دۆزینەوەی ماناو مەغزاکانی هەر رووداوێك دا بگەڕێت بێگومان لە رێگەوە دووچاری کۆمەڵێك کۆسپو تەگەرە دێت کە رەنگە زۆر جار نەتوانین بە ئاسانی لێیەوە دەرچین ، هەر کەسێ کە پێیوایە راپەڕینێکی جەماوەریی کە کۆمەڵێك هێزی جیاجیای سەربازیو فیکرییو ئایدیۆلۆژیی لە پشتەوە بێت بەتەنها خوێندنەوەیەکی تاك رەهەند هەڵدەگرێت ئەوا بێ هیچ گومانێك خۆی خستۆتە نێو گێژاوێکی فیکریی گەورە کە ناکرێ بێ خۆ یەکلاکردنەوەو بەخۆداچوونەوە پەنا وەبەر هیچ شتێکی تر ببات,

دیارە کە راپەرینی کوردستان لەسەرەتاوە تاکو ئێستا بەدەیان وتارو لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسراوە، سەدان کۆڕو سیمینارو بەرنامەی تەلەفزیۆنی بۆ سازکراوەو لەماوەی ئەم چواردە ساڵەدا بە زیاد لە شێوەیەك یادی کراوەتەوە، بەڵام وەکو من هەستم پێکردبێت سەرجەم ئەو گفتوگۆو لێکۆڵینەوانەی لەسەر راپەڕین ئەنجامدراون بەگشتی خۆیان لەتەنها تەوەرێکدا بینیوەتەوە،

هەموویان قسەیان لەسەر بایەخو ستراتیژیا رووکەشەکانی ئەم هەڵسانەوە جەماوەرییە کردووە، ئەگەر کەسێ بیەوێ سەرنجێکی وردی خوێندنەوەکان بدات بۆی دەردەکەوێت کە سەرجەمیان دووبارەبوونەوەی هەمان خوێندنەوەکانی ساڵانی پێش خۆیانن ، کەمجار رێککەوتووە خوێندنەوەیەکی پوختو هەمەلایەنە بەرچاو بکەوێت، کە لەنێو خۆیدا لە یەککاتدا هۆکارومەغزاکانی سەرهەڵدانەکەو ئاماژەو ئامادەکارییەکانی گروپو هێزە جیاجیا سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانو رۆڵی تاکی کوردی لە جۆشدانو هاندانی جەماوەر تا دەگاتە ساتی روودانی راپەڕینەکەو دواتریش بەهۆیەوە سەرهەڵدانی قۆناغێکی جیاواز لە ژیانی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستانداو رووبەڕووبوونەوەی کەشێکی نوێو سەردەمییانە کە چەند رەنگێکی جیاوازی لەخۆوەگرتبوو جیاواز لە بیرو بۆچون لە تێڕوانین لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیو هتد,,,, هەڵبەتە منیش لێرەدا ئەوەی کە مەبەستمە بیخەمە روو وەکو خۆی نەمکردووە بەڵام لێرەدا ئەوەی بەلامەوە گرنگە بۆ بەرجەستەکردنی مەبەستەکانی خۆم لەم نووسینەدا ئاماژەکردنێکی سەرپێیانەیە بۆ خوێندنەوە پەرشوبڵاوەکانی راپەڕین کە لەچەند ساڵی رابردوودا ئەنجام دراون، راستییەکەی من تەوەری زۆرینەی خوێندنەوەکان بەتەنها لە ئانو ساتی راپەڕین خۆیدا دەبینمەوە، زۆریەیان نایەن قسە لەسەر ئەوە بکەن ئاخۆ راپەڕین لەدوای خۆیەوە چ کاریگەرییەکی هەمەلایەنەی جێهێشتووە، ئایا بەتەنها خۆی لەو دەسکەوتانە دەبینێتەوە کە ئێستا لەبەرچاون یان حەقیقەتی راپەڕینو قۆناغی دوای راپەڕین ماناو مەغزاو رەهەندی تری لەپشتەوەیە کە بێ خوێندنەوەیان مەحاڵە بتوانین خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ بکەین ؟ ئایا لە پێشدا ئەو ئامادەکارییانە تا چەند دیسپلینکراو بوون؟ کێو چ هێزێك لەلای خۆیەوە کاریگەرانەترو چالاکانەتر هاتۆتە مەیدان؟ چین ئەو هەڵەو کەموکوڕیانەی کە هەم لە پێش روودانی راپەڕینو هەمیش لە دوای راپەڕین خۆیدا ئامادەبیان هەبوو؟ ئایا دەکرێ قۆناغی دوای راپەڕین بکەین بە قۆناغێك کە سەرجەم کایەو

جووڵە جیاجیاکانی کۆمەڵی پێ بناسرێتەوە وەك ئەوەی کە بەکردار ئێمە وامان کردووە؟ هەموو ئەو پرسیارانەو دەیان پرسیاری تر کە لەگەڵ خۆیاندا گفتوگۆی جیاواز دێننە ئاراوەو شایانی ئەوەن لەسەریان بوەستینو بیانکەین بە هەوێنی گفتوگۆی جیاواز،

ئاشکرایە کە بەر لە راپەڕین گەلی کورد لەم پارچەیەی خۆیدا لە عێراق لەحاڵەتێکی دەروونی ناسەقامگیرداو لە نێو فەزایەکی سەرکوتکەری بەعسیانەدا گیری خواردبوو، لەهەمانکاتدا خاوەن جەستەیەکی زامدار بوو، لە شەڕێکی کاولکارانەو نا ئینسانییانەدا گەڕابووەوە، تاکی کورد لە چوارچێوەیەکی زیندانیدا ناچاری بێدەنگیی کرابوو کە دەکرێ بڵێین لە هەلێکی لەم شێوەیەی راپەڕیندا دەگەڕاو سەرجەم خەمو ئازارە پەنگ خواردووەکانی ناوەوەی خۆی ئامادەی تەقاندنەوە کردبوو ، لەو ئانو ساتانەدا گروهە جیاوازەکانی کۆمەڵو ویستو داخوازییەکانیان خۆشبەختانە یەك ویستو داخوازیی بوو، قۆستنەوەی هەلەی دیکتاتۆری بەغداش شیاوترین چانسی بەرپاکردنو سەرکەوتنی راپەڕین خۆی بوو بەڵام ئەگەر لێرەدا قسە لەسەر وردەکارییەکان نەکەینو بێین سەرجەم ئەو دەرەنجامە تاڵو شیرینانە شرۆڤە بکەین کە زۆریان بەشێك بوونو بەشداربوون لە دواخستنی پرۆژەو خەونەکانی گەلی کورد، ئەوا بە بێگومان پێویستیمان بە کاتێکی زیاترە، لەدوای راپەڕین بەهۆی نەبوونی ستراتیژیایەکی نەتەوەیی تۆکمەو بەهۆی غیابی میتۆدییەتی شۆڕشو راپەڕین،چەندین هەڵەی گەورە دێنە پێشەوە، دیارترینیان ململانێی چەکدارانەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بوو کە بۆ ئەو کات رێك واتای هەڵگێڕانەوەی لولەی تفەنگەکان بوو لە سەنگەری دوژمنەوە بۆ سەنگەرێك کە زەرەرمەندترین ساتەوەختی نایەوە، لەدوای راپەڕینەوە چەندین حاڵەتی نائاسایی هاتنە پێشەوە کە کاریگەریی‌و پاشماوەکانی تاکو ئێستا بەشێوەیەك لە شێوەکان بەردەوامە ئەگەرچی لەساتەوەختی ئێستادا هەوڵوکۆششێکی زۆر نراوەلە پێناو نەهێشتنی ئاسەوارەکاندا، ئەو یەکهەڵوێستییەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەبەرامبەر گەلانی تری عێراقو وڵاتە دراوسێکاندا بەبۆچونی زۆربەمان هەڵوێستی چاوەڕواننەکراو بوونو هاتنەدیش، بەڵام ئەمە ناکاتە مانای ئەوەی ئێمە توانیومانە وەکو خۆی سود لە دەرفەتەکانی دوای راپەڕین وەرگرین، جا بۆ ئەوەی یادی راپەڕینی هەموو ساڵێك بکرێت بە تەکانو مۆتیڤێك بۆ نەهێشتنی ئاسەوارە خراپەکانی دوای راپەڕین پێویستیمان بە رەخنەو بۆچونی بوێرانەو بونیاتنەرانەترە لە سەرکردایەتی سیاسیی کورد، ئەوەی پێیوایە بەتەنهاو یەکلایەنانەو دوور لە گیانی بەیەکەوە ژیان دەتوانین کێشەو گرفتەکانمان چارەسەر بکەین دەبێ دڵنیا بێ لەوەی کە ئەم دیدو بۆچونەی دیدوبۆچونی رەشبینانەن، باوەڕ ناکەم هیچ شتێکیان لێوە بەرهەم بێت،

دیارە کە مەبەستی سەرەکیی من لێرەدا بە هیچ شێوەیەك بێدەنگیی نییە لەبەرامبەر هیچ لایەنو دەسەڵاتێك ئەوەندەی مەبەستی من هێنانەپێشو ئاکتیڤکردنی ئەو گوتارە رەخنەییانەن کە دوورو نزیك لەناو پەڕاوەکانی راگەیاندنە کوردییەکاندا ئامادەییان هەیە، من پێموایە وەلانانی رەشبینییو هەنگاونانی گەشبینانە لە ژیانی سیاسیی هەر وڵاتێکدا زامنی هاتنەدی ئایندەیەکی گەشترە،

یەکێکی تر لەو مانایانەی راپەڕینی کوردستان هاتنە ئارای ویستێکی جیهانیی بوو بۆ ئاشکراکردنی بەسەرچوونی کاریگەریی کولتورێك کە تەمەنی لە هەزار ساڵ زیاترە ،ئیرادەیەکی جیهانی هەبوو تا ئێستاش بەردەوامە کە کلتوریی سەرکوتکردن نەفەس بڕ بکرێت کە لە وڵاتی ئەو سەردەمەی ئێمەدا لە ماسکی بەعسیزمدا خۆی دەبینییەوە، ئەو کولتورەی کە هەڵێنجراوی کولتوری شەڕانگێزی شۆڤینییەتی عەرەبی بوو گەیشتە کۆتایی خۆی، هاوکات هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ بلۆکی رۆژهەڵاتدا کە هەر لەدوای رووخانییەوە ئەو

سیمایه هەڵوەشاندنەوەییەی دا بەو وڵاتە بە کۆلۆنیکراوو هاوپەیمانانەی خۆی، لە دوای خۆیدا سکێچو چوارچێوەیەکی کراوەتری دا بە ژیانی سیاسیی گەلانی ناوچەکە، بەهەمان شێوە ئەو ئاراستانەی کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە قسەی لەسەر دەکرا خۆی لەبەرجەستە بوونیدا دەبینیەوە ئەوەی کە (چۆمسکی) دەڵێ لەسەدەی بیستدا ئەمەریکای زلهێز پشتئەستوور بوو بە وڵاتە دیکتاتۆرو نا دیموکراسییەکان لەسەدەی داهاتوودا واقیعیی سیاسیی ئەمەریکا ناچار دەکات وزەو تواناکانی خۆی بۆ برەودان بە وڵاتانی دیموکراسی بخاتە گەڕ،

بە زۆر واتا راپەڕین قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی هەمەلایەنەی خەڵکی کوردستاندا، ئەو تەوژمە سیاسییەی راپەڕین لێیکەوتەوە، دەرفەتێکی چاکی وشیاربوونەوەی تاکی کورد بوو لەسەرجەم پارچەکانی کوردستاندا، راپەڕین دواتر بوو بەخاڵی وەرچەرخان بەو مانایەی کە پێمان وایە دوای راپەڕین قۆناغێکە دەتوانین هەموو شتێکی پێ بناسینەوە، نەوەی دوای راپەڕین نەوەیەکی بەعس نەدیوی وشیارە، تێدەگات کە بە هۆی راپەرینەوە کورد دەچێتە نێو پرۆسەیەکی جیهانی نوێ ئەویش بە جیهانیبوونە، ئەگەریش راپەڕین لەو دیدگایەی ئێمەدا وەرچەرخانێکی ریشەیی‌و مێژوویی بێت بۆ چەند تەیارو لایەنێك خاڵێکی سەرەکیی مەترسیی ئامێز بوو، راپەڕین بۆ شەڕانگێزان لە ناوچەکەدا سەرەتای دەرکەوتنی ئاسۆیەك بوو، بینیمان کە هەر کامێك خاوەنی زمان‌و ویستێکی چەوسانەوییی بوو خرایە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

jamalpira@yahoo.com